# ڕێكخراوەی بەرەو كوردستانی شەفاف ( TKTO ) سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری كۆمەڵگایی مەدەنی كرد

بەختیار سیان

لە ڕێكەوتی 2007/6/14 ,كاتژمێر 11 ی سەرلەبەیانی شاندێكی دەستەی كارگێری تازە دامەزراوی ڕێكخراوی بەرەو كوردستانی شەفاف( TKTO ), سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ كاوباری كۆمەڵگای مەدەنیانكرد لە لایەن بەرێز جۆرج منسور وەزیری هەرێم بۆ كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی پێشوازی كران و لە دانیشتنێكدا سەرۆكی ڕێكخراو باسی لە دامەزراندنی ڕێكخراوەكەو پەیرەوكاری ئەم ڕێكخراوەی خستە روو دواتریش چەند تیشكێك لە لایەن بەرێز وەزیری هەرێمەوە بۆ سەرەتای دەستبەكاربوونی ڕێكخراوەكەی ئاماژە پێكرد بۆ هەنگاونان بەرەو كۆمەڵگایەكی شەفاف و مەدەنی لە كوردستان .ئەوەی شایەنی ووتنە ڕێكخراوی بەرەوكوردستانی شەفاف تازە دامەزراوەیەكی نا حكومیە كار لە پێناو هێنانەدی كۆمەڵگایەكی شەفاف دەكات لە ڕێگەی پرۆگرامی هاوچەرخانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەكانی خراپەكاری و گەندەڵی لە نێو كۆمەڵگاو دامەزراوەكاندا, كە تێدا هوشیاری دەدات لەمەر نەهێشتنی ئەم دیاردە خراپ و دزێو وگەندەلانەی وەك پەتایەك بوونەتە ڕێگری بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموكراسی و كۆمەڵگای مەدەنی .